خەبات
www.xebat.net
چوارشەممە 2018/2/14 ژمارە (5453)

پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی چاکسازی تورکمان تەئکیدیان لە پاراستن و ستراتیژیەتی پرسە نەتەوەیی نیشتمانییەکان و یەکخستنی بیروراکان کردەوە



عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بارەگای پارتی چاکسازی تورکمانی کردو لەلایەن عبدولقادر بازرگان سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان و مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان و بە تایبەت هەڵبژاردن لە شاری کەرکوک و گۆرانکاری دیمۆگرافیا و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەر و کاریگەرییەکانی، گفتوگۆی لەبارەوە کرا. هاوکات بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە وگوتی: ئێمە لە ژێر داگیرکاری سەربازی لەشاری کەرکوک ناچینە نێو هەڵبژاردن و بەڵام ئامادەیمان هەیە لەپێناو بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەگەڵ یەک لیستی پارتە کوردستانییەکانین بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک وناوچەکانی تر، هەر لەم دیدارەدا پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە مێژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بە ئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان تەئکیدی لەسەر کرایەوە، هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پەیامی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ پارت و پێکهاتەکان و رۆڵی پارتی چاکسازی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانییەکانی لە هاوکێشە سیاسییەکان وهەڵوێستیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانییەکان تەواوی هەنگاوەکانی تریانی پێگەیاندن و تەئکیدی کردەوە پارتی لەهەموو قوناغەکاندا پارێزەری ماف و داخوازییەکانی گەلی تورکمان و تەواوی پێکهاتەکانی تر دابوە، هەروەها هەر دوولا پاڵپشتی خۆیان بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان لە پێناو زیاتر پێشوەچوونی پرسە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و چارەسەرکردنی قەیرانەکان لەپێناو خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان بەگشتی کردەوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی بەسەر ئاوارەکانی هەردوو کەمپی خازر و حەسەنشام دابەش دەکات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی چالاکییەکیان بەمەبەستی هاوکاری کردنی2208 خێزانی ئاوارە لە کەمپی خازر بەڕێوەبرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2018/2/12 تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی لە کەمپی خازر، پێداویستی خۆراکییان پێشکەش بۆ 2208 خێزانی ئاوارە دابینکرد و تیایدا10699 ئاوارە سودمەند بوون.

کەمپی خازر دەکەوێتە سنووری پارێزگای نەینەوا و لە گوندی خازر هەڵکەوتووە. ئەم کەمپە تایبەتە بە ئاوارە عێراقییەکان کە بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە پارێزگای نەینەواوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

هەر لە درێژەی کاروچالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە وەرزی زستاندا بە هاوکاری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی بەتانی بۆ ئاوارەکان لە حەسەنشام و خازر دابینکرد و بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2018/2/10 دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی بەتانی بەسەر 5621 ئاوارە لە کەمپی حەسەنشامدا دابەش دەکات، هەر لەهەمان ڕۆژ تیمەکانی دەزگا لە کەمپی خازر بەتانیان بۆ10699 ئاوارە دابین کرد.

کەمپەکانی خازر و حەسەنشام دەکەونە سنوری پارێزگای نەینەوا و تایبەتن بە ئاوارەکانی ئەو پارێزگایە و دەوروبەری، کەمپەکان لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە بەڕێوەدەبرێن.

بەرپرسی لقی 16: پێویستە مامۆستایان ناوەندەکانی خوێندن بکەنە سەکۆی بڵاو کردنەوەی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی

بۆ ئاگاداربوون لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕەوشی پەروەردە لەسنوورەکە، بەرێز بلند اسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرێزان چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و مامۆستا سەروان ئەحمەد بەرپرسی لێژنە ناوچەی زانست، کۆڕێکی فراوانی سازکرد کەتیایدا بەڕێوەبەری پەروەردەکانی دەوروبەروو دەشتی هەولێرو شەقڵاوەو خەبات و سەرپەرشتیارانی یەکەی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری ئامادەییەکانی سنوورەکە ئامادەبوون .

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەیدا بەرێز بەرپرسی لقی16 ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان کرد کە هەمیشە پێشەنگی داهێنان و پێشخستنی رەوروەوی زانستن و زانیاری و پێگەیاندنی نەوەی نوێ بوونە لە کوردستان، کە ئەمەش بەیەکێک لەکارە هەرە پیرۆزەکانی مرۆڤ دادەنرێت و سەرەڕای قەیرانی دارایی و سەختی ژیانیان بەڵام هیچ کاتێک نەیانهێشتووە پرۆسەی خوێندن بووەستێت و بۆشایی لەسیستەمی پەروەردە دروستببێت، بۆیە ئەمڕۆ ئەرکی هەموو لایەکمانە شان بدەینە بەر بەرپرسیارێتی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی کە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە ئەم قەیرانانەی بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری حکومەتی عێراقەوە دروست بوونە کاتین و لەماوەیەکی کورتدا تێدەپەڕێندرێن .

دواتر بەرێز بەرپرسی لقی16 بەوردی گوێی لە کێشەو گیروگرفت و پێداویستی و تێبینی و سەرنجەکانی ئامادەبووان گرت لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوو بەپەلە بۆ کۆی کێشەکان و ئەو پێداویستییانەی بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردەو لە کوردستان و بەڵێچنی بە ئامادەبووان دا کە هەموو هەولچێکیان دەخەنەگەڕ بەهاوکاری دام و دەزگا پەروەردەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو چارەسەر کردنیان .

لەکۆتاییدا بەرێز بەرپرسی لقی 16 داوای لەمامۆستایان کرد کە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن بکەنە سەکۆیەک بۆ رووبەروو بوونەوەی نەخوێندەواری و بڵاو کردنەوەی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی لەپێناو بنیادنانی کۆمەڵگایەکی خوێندەوارو دەوڵەمەند لەزانست و زانیاری.

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پەیامێک ئاراستەی حەیدەر عەبادی دەکات

لەو پەیامەدا کە دوێنێ ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کراوە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئازاد محەمەد ئەمین خوێندرایەوە ئاماژەی کرا بەوەی وەک ئەرکێکی بەرپرسیاریبەتی ئەنجومەن لە بەرامبەر داخستنی دەرگای خوێندنگەکان و مەترسی داخستنی دەرگای فەرمانگەکانی تر و کەمی خزمەتگوزاری لە کۆی سێکتەرەکاندا، بە پێویستیان زانیوە ئەو پەیامە ئاراستەی عەبادی بکەن.

لە پەیامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاتووە ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی هاوڵاتییانی سنووری جوگرافیای خۆیان دەکەن، ئێمەش وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پەیامی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بەرامبەر بەو بەڵێنانەی کە بەڕێزتان بە مووچەخۆران و جووتیارانی هەرێمی کوردستانتان دابوو، هەروەها بەردەوام لە گوتاری هەفتانەدا بانگەشەی ناردنی مووچەتان دەکرد، عێراقییەکان و هەرێمی کوردستان و جیهانتان دڵنیا کردەوە کە هاووڵاتییانی هەرێم برسی ناکەن، بەڵام بەداخەوە جگە لە برسیکردن هەموو لایەکتان تووشی چاوەڕوانییەکی بێئومێد و دڵەڕاوکێ کردووە، نەناردنی مووچە بە بیانووی وردبینیکردن دەبێتە هۆکارێک لەسەر کەمکردنەوەی متمانە لە نێوان هاووڵاتییان و مووچەخۆرانی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵدا.

لە بەشێکی تری پەیامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ عەبادی هاتووە بایۆمەتری بەشێکی گرنگە لە وردبینی کە پێشتر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم جێبەجێی کردووە، لەبەر ئەوە هیوادارین لە لای بەڕێزتان عێراقییەکی خاوەن ماف و حەق بین، دەستووری عێراق بۆ پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە مووچەخۆران و مافی جوتیاران و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە وەک یەک بین و چیتر مووچەی هەرێمی کوردستان دەستی دەستی پێنەکرێت لەوە زیاتر، هەروەها کردنەوەی فرۆکەخانەکان پەلەی لێبکرێت بە پێی ئەو مادانەی کە لە دەستووردا هاتووە بەتایبەت بۆ نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەرژەوەندی گشتی پێویستە.

دەنگی نارەزایی و نیگەرانی لەنێو مووچەخۆران بەتایبەتی مامۆستایان و تەندروستکاران و چین و توێژە جیاجیاکانی تر لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر سەرۆکوەزیرانی عێراق، حەیدەر عەبادی تادێت زیاتر دەبێت، ئەوەش بە هۆی پابەندنەبوونی بە بەڵێنەکانی خۆی بە ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت بەکۆی دەنگ پەسند کرا

سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دووشەممە ڕێکەوتی2018/2/ 12پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی خولی پاییزە، ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجامدا.

سەرەتا جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە کە لە پێنج خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەم بریتی بوو لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت، و خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات، ژمارە 20ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، خاڵی سێیەمیش بریتی بوو لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ژمارە 28ی ساڵی 2012ی عێراق لە هەرێمی کوردستان، خاڵی چوارەمیش بریتی بوو لە زیادکردن و دەستلەکارکێشانەوەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان: (دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان دلێر مستەفا حەسەن، لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ئاری عەبدوللەتیف مەولود، بۆ سەر لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر، خاڵی پێنجەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە گفتوگۆکردنی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە.

دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێشنیازی ئەوەی خستەڕوو کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەرچوار لیژنەی پەیوەندیدار بکرێتە بنەمای گفتوگۆکان و ئەو پێشنیازەش بەکۆی دەنگ پەسندکرا و لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەش بۆ پەرلەمانتاران مادە بەمادە خرایەڕوو کە لە 21 مادە پێکهاتبوو. سەرجەم مادەکان بەجیا گفتوگۆیان لەسەر کرا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە چەندین پێشنیاز و سەرنج بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری پرۆژەکە خرانەڕوو. دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمان کۆی پرۆژە یاساکەی خستە دەنگدانەوەو بەکۆی دەنگ پەسندکرا لەوبارەیەشەوە د.جەعفەر ئێمینکی، سەرۆکی دانیشتنەکە سوپاسی ئامادەبووان و وەزیری شارەوانی و وەزیری داد و نوێنەرانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و کشتوکاڵی کرد بەبۆنەی دەرچوونی یاساکەو پیرۆزبایی لەگەڵی کوردستان کردو سوپاسی پەرلەمانتارانی کرد.

گەرمیان... باندێکی دزیکردن دەستگیرکرا

خەبات– سەبریە یوسف: لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، پۆلیس باندێکی دزینی 4 کەسی دەستگیرکرد لەسنوری شارۆچکەی کفری ڕێگەیان لەهاوڵاتیان دەگرت. لەوبارەوە ڕائید عەلی جەمال، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بەخەباتی ڕاگەیاند: دوای کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەلایەن هێزەکانمانەوە کە ماوەیەکە لەناوچەکانی نزیک بە قەزای کفری لایەن ژمارەک کەسی نەناسراوەوە ریگری لە هاوڵاتیان دەکەن و پارە و کەرەستەکانیان لێ دەدزن، هێزەکانمان توانیان باندێکی دزی دەستگیربکەن لەسەر ڕێگای سەرقەڵا. کەلار ڕێگەیان لەهاوڵاتیان گرتووە گوتیشی: لە کاتی دەستگیرکردنی ئەو باندە، دەستگیرا بەسەر سەرجەم کەرەستەکانیاندا کە بریتین لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان ـ ماتۆرسکیلێک ـ سێ چەکی جۆری کلاشینکۆف. بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان ڕاشیگەیاند: تۆمەتبارانیش بریتین لەچوار کەس بەناوەکانی ر.ع.ع و ر.ع،ع کە بران و ر.خ.س و ر،خ،س کە برای یەکترن و لە ئێستاشدا بەبریاری بەرێز دادوەری لێکۆڵینەوەی قەزای کفری بەپێی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەش لەگەڵیاندا بەردەوامە ولەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا دانیان بەتاوانەکانیاندا ناوە.